# لە کوردستاندا حکومەتی ئەلکترۆنی دادەمەزرێنرێت

وەکو ئاشکرایە بواری گەیاندن لە کوردستاندا تا رادەیەکی زۆر باش پێشکەوتووە بەڵام وەزارەتی گەیاندن بەردەوامە لە هەوڵی زیاتر پێشخستنی بواری گەیاندن لە کوردستان بۆ ئەوەی چیتر خەڵکی کوردستان لە پێشکەوتن و داهێنانەکانی تەکنەلۆژیا بێبەش نەبن و ئێستاش چەندین پرۆژەی گرنگ کاریان تێدا دەکرێت و بە تەواوبوونیان بواری گەیاندن چەندین هەنگاوی تر پێش دەکەوێت ، لەم رێپۆرتاژەدا رۆشنایی دەخەینە سەر بەشێک لەو پرۆژانە ئەوانیش پرۆژەی کێبڵی رۆشنایی کە لە کوردستاندا بە کێبڵی تیشکی ناو دەبرێن ، لەگەڵ پرۆژەی حکومەتی ئەلکترۆنی. لە بارەی پرۆژەی راکێشانی کێبڵی تیشکی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەرێز (سالار فەتاح) بەرێوەبەری کێبڵی تیشکی دا لە دیوانی وەزارەت کرد بە مەبەستی خستنە رووی تەواوی لایەنەکانی ئەم پرۆژەیە.

## لە کەیەوە دەست کراوە بەجێ بەجێ کردنی کێبڵی تیشکی لە کوردستاندا ؟

دوای روخانی رژێمی دکتاتۆری بەغدا لە سەرەتای ساڵی (2004)دا بۆ یەکەم جار شاری هەولێر بە شاری موصلەوە بەستراوە لە رێگای شارۆچکەی (گوێر)بۆ گرێدانی پەیوەندی لەگەڵ شارەکانی دیکەی عێراق کە پێشتر بەسترابوون بە شاری موصلەوە بە کێبڵی تیشکی بە قەوارەی (Core24) .و ئەم پرۆژەیە بە ماوەی (45)رۆژ ئەنجام درا.





## سوود و بایەخەکانی کێبڵی تیشکی چیە ؟

لە راستیدا داهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە شۆرشێکی گەورەیە لە بواری گەیاندن ، لەبەر چەند هۆیەکی زۆر گرنگ.

لەوانە : ئەم جۆرە کێبڵانە بە هیچ شێوەیەک کاریگەری دەرەکی کاری لێ ناکات (Interference)، هەروەها توانای گواستنەوەی زانیاری و پەیوەندی تەلەفۆن و دەنگ و رەنگی هەیە کە پێشتر هیچ تەکنەلۆژیایەکی دیکە وەکو (Microwave)و کیبڵی (Copper)توانای گواستنەوەی بەم شێوەی نیە. و هەروەها پارەی تێچووی پرۆژەکانی کێبڵی تیشکی زۆر کەمە لەچاو پرۆژەکانی پێشوو وەکو کێبل و مایکرۆف. هەروەها جێبەجێ کردنی پرۆژەکان بەم کێبڵە زۆر ئاسانە لەبەر سوکی سەنگی یەوە ، هەروەها ئەو ئامێرانەی کە بەکار دەهێنرێت بۆ راکێشانی ئەم کێبڵانە نرخیان هەرزانترە لەوانی دیکە.

## پرۆژەی کێبڵی تیشکی گەیشتۆتە چ قۆناغێک ؟

لە کوردستاندا چەندین پرۆژەی گرنگلە بواری گەیاندن ئەنجام دراوە ، هەندێکیان لەجێبەجێ کردن دایە بە تایبەتی سێ پرۆژەی زۆر گرنگ هەیە کە یەکێکیان تەواو بووە ئەویش پرۆژەی بەستنەوەی بگۆرەکانی شاری هەولێرە بە یەکترەوە بە کێبڵی قەوارەی (Core 36 Erbil SDH Ring )کە کۆمپانیای (Siemens)ی ئەڵمانی ئەنجامی دا.

پرۆژەی دووەم (Access Network)ئەم پرۆژەیە یەکێکە لەو پرۆژە کەم وێنانەی کە لە ناوچەکەدا هەبێت .

گرنگی ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە هەموو وەزارەت و دام دەزگا گرنگەکانی هەولێری پایتەخت بەیەکترییەوە دەبەستێتەوە

، کە (69)سایتە. هەموو ئەم سایتانە بە کێبڵی تیشکی قەوارەی (60 – 24 – Core 12 )دەبەسترێت. ئەویش بە ئەنجام دانی پتر لە (30 کم)،(Duct System)کە پێکهاتووە لە راکێشانی بۆری (PVC)بە مواصفات ستاندردی جیهانی لەناو شاری هەولێر جگە لە بەکارهێنانی دەیان( کم )لە (Duet)کانی پرۆژەکانی دیکەی ناو شاری هەولێر. ئەوەی شایەنی باسە ئەم پرۆژەیە بناغەی دانانی سیستەمی (- E Government)بە مانای حکومەتی ئەلکترۆنی بۆ ئاڵ و گۆرکردنی زانیاریەکانی دام و دەزگا حکومیەکان لەگەڵ یەکتریدا ، جابەهۆی ئەم سیستەمە کە زۆر لە ئیش و کارەکانی حکومەت و هاولاتیان ئاسان دەکات جگە لە کەم کردنەوەی کات ، ئەم پرۆژەیەلە لایەن کۆمپایای (دالیا - سات)بە هەماهەنگی کۆمپانیای (Huawei)چین ئەنجام دەدرێت. ئەم پرۆژەیە لە ژێر جێبەجێ کردندایە زیاتر لە (75%)ی پرۆژەکە تەواو بووە .پرۆژەی سێ یەم : - کە بریتی یە لە بەستنەوەی شاری هەولێر لەگەڵ شاری (موصل )و(کرکوک)بە کێبڵی تیشکی بۆ تێکەڵ کردنی لەگەڵ تۆری کێبڵی تیشکی نیشتمانی (IRAQ NATIONAL (F.O) NETWORK) بۆ بەستنەوەی هەموو شارەکانی عیراق بەیەکترییەوە. قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆژەیە بریتی یە لە راکێشانی (120 کم)کێبڵی تیشکی لە سنووری شاری هەولێر بەرەو (ئاسکی کەلەک و پردێ ).و قۆناغی دووەم بەستنەوەی شاری کرکوک لەگەڵ شاری سلێمانی.و قۆناغی سێ یەم بەستنەوەی شاری دهۆک لەگەڵ زاخۆ. ئێستا قۆناغی یەکەم لە ژێر جێبەجێ کردن دایەو (80%)ی پرۆژەکە تەواو بووە ،و بە چاودێری جێبەجێ کردنی کادیرانی وەزارەتی گەیاندن ئەنجام دەدرێت. و ئامێرەکانی ئەم پرۆژەیە لە کۆمپانیای (NORTEL)ی کەنەدی کراوە و ا چاوەروان دەکرێت کە قۆناغی دووەم و سێ یەم لە ساڵی 2007 ئەنجام بدرێت.

هەروەها سەبارەت بە پرۆژەی کێبڵی تیشکی (زاخۆ) ئەم پرۆژەیە پێک هاتووە لە راکێشانی کێبڵی تیشکی لەگەڵ بەستنەوەی (10)سایت بەقەوارەی (Core / 72)لە رێگای ئەم کێبڵە بە یەکتری لەسەر شێوەی (Ring)بازنە کە چەندین فەرمانگەی نێو شارۆچکەی زاخۆ لە خۆوە دەگرێتو گرنگترینیان سنووری (ئیبراهیم خەلیل)لەگەڵ ناو شارۆچکەی زاخۆ بە شێوەی (Ring)بازنە ئەم پرۆژەیە کە لە لایەن کۆمپانیای (Siemens) ئەڵمانی جێبەجێ دەکرێت و رێژەی گەیشتۆتە نزیکەی (34%) .






## لە جێبەجێ کردنی کێبڵی تیشکی پشت بە کادیرانی خۆماڵی یاخود بیانی دەبەسترێت ؟

هەموو پرۆژەیەک بۆ جێبەجێ کردنی بە کۆمپانیایەک دەبێت ئەو کۆمپانیایە هەموو قۆناغەکانی پرۆژەکە ئەنجام بدات ، بەلاّم لە هەمان کاتدا تیمێکی وەزارەتمان بەشدار دەبن، لە چاودێری کردنی ئیش و کارەکانی پرۆژەکە لەوانە ئیش و کارەکانی کێبڵی تیشکی. لە هەمان کاتدا چەند کادیرێکی وەزارەت دەبێت لە مەشق کردن لەسەر حیسابی پرۆژەکە بۆ بەرێوەبردنی پرۆژەکە لە کاتی تەواو بوون و ئیش کردنی بەشدار دەبێت. هەندێک لە پرۆژەکان کە بە شێوەی (جێبەجێ کردنی راستەوخۆ)(التنفیذ المباشر) جێبەجێ دەکرێت کە کادیر و تەکنیکاری وەزارەتمان ئەنجامی دەدەن وەکو پرۆژەی بەستنەوەی هەولێر بە موصل و کرکوک و بۆ مەشق کردنی تەکنیکاری وەزارەت چەندین خولی مەشق کردن لە ناوەوەی کوردستانو لە دەرەوەی کوردستان وەکو ولاتی ئەڵمانیا کراوەتەوە.

## ئەو کۆسپانەی دێنە بەردەم جێبەجێ کردنی پرۆژەی کێبڵی تیشکی چین؟

لە راستیدا کێشە و گیروگرفتێکی زۆر دێتە پێش جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژانە. هەروەکو دەزانن ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەک بە تایبەتی لەناو شارێکی وەکو شاری هەولێر گیروگرفتی زۆری هەیە لەوانە ئەم شارە جۆرەها خزمەتگوزاری لە قۆناغە جیاجیاکان تێدا هەیە. بۆ نمونە لە کاتی هەڵکەندنی رێچکەی دانانی بۆریەکانٌ بۆ راکێشانی کێبڵی تیشکی، چەندین بۆری ئاو وئاوەرۆکان و کێبلآتی کارەبا و تەلەفۆن دێنە سەر رێگای جێبەجێ کردن، هەروەها هەڵکەندنی ئەم رێچکانە دەبنە مایەی سەخڵەت کردنی هاووڵآتیان.



## ئەو پرۆژانە تا چەند لە کوردستان سەرکەوتنی بە دەست هێناوە؟

ئێستا لە هەموو جیهان کۆمپانیاکانی گەیاندن پشت راستی بەستنەوەی شارەکان وووڵآتان بە کێبڵی تیشکی لەبەر زۆری قەوارەی گواستنەوەی زانیاری و لە ولآتانی ئێمەش زۆر بایەخ بەم جۆرە تەکنەلۆژیایە دراوە لەبەر ئەوەی ئێستا و ئایندە دەبێت قەوارەی گەیاندن زۆر بێت و ئەمە و بۆ بەستنەوەی هەر وولآتێک بە دەرەوە پێویستی بەوە هەیە کە دوو بنەمای سەرەکی هەبێت ئەوانەش یەکەمیان :قەوارەیەکی گەورەیە و دووەمیان: هەرزانی نرخی تەلەفۆن بێت یاخود گواستنەوە و ئاڵو گۆرکردنی زانیاری بێت.و لە پلانی وەزارەتی گەیاندن بۆ ئایندە زۆر بایەخ بە کێبڵی تیشکی دراوە.

## ئەم پرۆژەیە لە کوردستاندا تا چەند سەرکەوتنی بە دەست هێناوە؟

گەورەترین گرفتی وەزارەتمان لەوە دابوو، کە دوای دانانی چەند بگۆڕێک لەناو شاری هەولێر تووشی کێشەی بە یەکتر بەستنەوەی ئەم بگۆڕانە بووین. چونکە هەموو هۆیەکانی بەستنەوە بە کێبلآتی (Copper) و (Micro Wave) گیروگرفتی خۆی هەیە لەوانە توانای گواستنەوەیان زۆر کەمە بەڵام دوای ئەنجامدانی پرۆژەی (Erbil Ring) ئەم کێشە زۆر بە باشی چارەسەر کرا و کە لە کاتی پچرانی کێبڵ لە هەر لایەک دەتوانرێ لە لایەکی دیکە بەبێ هیچ گیروگرفتێک پەیوەندی دروست بکرێتەوە.



## بۆ داهاتوو بەرنامەتان چی یە ؟

بۆ داهاتوو بەرنامەی وەزارەتمان ئەوەیە کە هەموو هێزو توانامان بخەینە کار بۆ بەرەو پێش بردنی هەموو پرۆژە خزمەتگوزاریەکان کە لە خزمەتی ولاتەکەمان بێت و مەشق پێ کردنی تەکنیکاران بی لەم بوار بۆ وەرگرتنی زانیاری نوێ و بەستنەوەی هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتری و هەروەها بەستنەوەی کوردستان بە وولآتانی دەوروبەر.

هەروەها سەبارەت بە پرۆژەی حکومەتی ئەلکترۆنی بەرێز (مەحمود سالح محمد)راوێژکاری وەزارەت رایگەیاند :-
حکومەتی ئەلکترۆنی ئێستا وەکو پرۆژەیەکی زۆر گرنگ و



پر بایەخی تەکنەلۆژی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کاری پێدەکرێت و لە وڵاتانی عەرەبیش (سعودیە – ئیمارات – کوێت – ئەردەن – لوبنان) حکومەتی ئەلکترۆنیان دامەزراندوە. وەزارەتی گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پلانی دامەزراندنی حکومەتی ئەلکترۆنی لە ساڵی (2005)خستە نێو بەرنامەی کارو پرۆژەکان ، کە دیارە ئەمەش پرۆژەیەکی زیندوویی شارستانی و ئابوورییە و بەر لەوەی حکومەت لێی سوودمەند بێت هاووڵاتیان سوود مەند دەبن و ئەم پرۆژەیەش بە دوو قۆناغ جێبەجێ دەکرێت:-

قۆناغی یەکەم :

ئامادەکردنی ژێرخانێکی باشی گەیاندنە و بریتی یە لە پرۆژەی (Data Access Network)سەرەتای کارکردن لەم پرۆژەیە لە شاری هەولێر بوو وەکو پایتەختی هەرێمی کوردستان ،پاشان هەریەک لە پارێزگاکانی (سلێمانی – دهۆک) خرانە نێو بەرنامەوە و پلانی کارکردنی وەزارەت بۆ ساڵی (2007). پرۆژەی (Data Access Net Work) لە شاری هەولێر (69)پێگەی حکومەت دەگرێتەوە کە بە رێگەی کێبڵی تیشکی بە یەکتر دەبەسترێنەوە لەگەڵ دامەزراندنی وێستگەیەکی زەمینی (Vsat)کە شوێنی دامەزراندنەکەی لە کۆمەڵگای بگۆڕی (شۆڕش)و ئەم شوێنانە دەگرێتەوە.

1. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – پەرلەمان.
2. نوسینگەی سەرۆکایەتی هەرێم.
3. سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
4. وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم.
5. بانقەکان
6. زانکۆکان
7. فەرمانگاکانی حکومەت
8. بگۆرە سەرەکیەکانی تەلەفۆن .



ئەم پرۆژەیە لە لایەن کۆمپانیای (دالیاسات)بە هاوکاری کۆمپانیای (Huawei)جێبە جێ دەکرێت، ئەو برە پارەیەی بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخان کراوە بریتی یە لە (12,988,914)ملیۆن دۆلار و ماوەی کارکردن لە پرۆژەکە سیانزە مانگ و پانزە رۆژ دەخایەنێت ، تا ئێستا لە (70%)ی پرۆژەکە جێبەجێ کراوە. لە جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیەدا بە رێژەی (80%)پشت بە کادیر و تەکنیکارانی خۆمان دەبەستین کە پێک هاتوون لە کادیرانی وەزارەت و کۆمپانیای جێبەجێکار.

هەروەها قۆناغی دووەمی پرۆژەکە بریتی یە :

لە پرۆگرامەکان یاخود بڵێین (Software)دیارە ئەمە بە مانای جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی حکومەتی ئەلکترۆنیە و هەر وەزارەت و کەرتێکی خزمەتگوزاری پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆی دەبێت و هەر یەکەیان پرۆگرامیان جیا دەبێت لەوانیتر. بۆ نموونە پرۆگرامی وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ جیا دەبێت. ئێمە بە هیوایین قۆناغی دووەمی پرۆژەکە لە ساڵی (2007) دا جێبەجێ بکرێت ئەگەر پشتیوانی دارایی پێویست بە پرۆژەکە هەبێت .وەکو گوتمان لە سایەی حکومەتی ئەلکترۆنیدا هاووڵاتیان زیاتر سوود مەند دەبن لە حکومەت هاووڵاتی لە رێز بەستنی دوور و درێژ گەران بە دوای مامەڵەدا رزگاری دەبێت و رەوتی کارکردنیش لە فەرمانگاکاندا چەند بەرابەر خێراتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو شێوازە کارکردنە کلاسیکیەی کە ئێستا لای ئێمە کاری پێدەکرێت و لەهەمان کاتدا بەرێوەبەر و بەرپرسانی فەرمانگاکان باشتر چاودێری بەرێوەچوونی کارەکان بکەن لەهەر کوێیەک بێت ، لەوەش گرینگتر دەبینە خاوەنی پرۆژەیەکی نوێ و سەردەمیانە.